# بنكەی كاوەی رۆشنبیری!!! دوو ڕوویی دەكات

دوێنێ دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی كێشەی ستافی مەكتەب و نوێنەری ژمارەیەك لە رێكخراوەكان لەگەڵ پۆلیسەكانی بەر دەرگای بنكەی (نەك بنكەی كاوەی رۆشنبیری)، دوای ئەوەی بنكەی ناوبراو لە پەیوەندیەكی تەلەفۆنیدا داوای لێبوردنی كرد لە ستافی مەكتەبی رێكخراوە دیموكراتیەكانی (ی ن ك)، نیگەرانی خۆیان نیشاندا لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستەی پۆلیسەكان.

بەڵام رۆژێك دوای ئەم لێبوردنە، راگەیاندنی سەنتەری كاوە، لە روونكردنەوەیەكدا لە سایتی رۆشنایی هەواڵەكە رەت دەكاتەوە. ئێمەش بە هەموو خوێنەرانی ماڵپەر و سایتەكان رادەگەیەنین، كە سەنتەری كاوە دوو ڕوویی دەكات. بۆیە وا دیارە پەیوەندیە تەلەفۆنیەكەیان بە مەبەستی راستكردنەوەی هەڵەكە نەبوو، بۆیە ئەمەش وا نیشان دەدات كە بێ ئاگا نەبوونە لەم هەڵسوكەوتەی پۆلیسەكان، بەمەش خۆیان كردە خاوەنی ئەم هەڵوێستە نا شارستانیەتە.

لەگەڵ رێزماندا

**راگەیاندنی**

**مەكتەبی رێكخراوە دیموكراتیەكانی ( ی ن ك)**

**هەولێر - 2007/8/9**